# کاتێک بەرز کرامەوە (بەرەو ئاسمان) بە لای کەسانێکدا تێپەڕ بووم، نینۆکیان لە مس بوو؛ چڕنووکیان لە دەموچاو وسینگی خۆیان دەدا

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «کاتێک بەرز کرامەوە (بەرەو ئاسمان) بە لای کەسانێکدا تێپەڕ بووم، نینۆکیان لە مس بوو؛ چڕنووکیان لە دەموچاو وسینگی خۆیان دەدا، ووتم: ئەوانە کێن ئەی جبریل؟ ئەویش فەرمووی: ئەوانەن کە گۆشتی خەڵکی دەخۆن، وتانە وتەشەر لە کەسایەتیان دەدەن».
[حەسەن - باش)] [(أبو داود) ڕیوایەتی کردووە)]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- پێمان ڕادەگەیەنێت کە کاتێک بەرز کرایەوە بەرەو ئاسمان لە شەوی شەوڕەوی وبەرزبوونەوە (ئیسرا ومیعراج)؛ بە لای کەسانێکدا تێپەڕ بوو کە نینۆکیان لە مس بوو، وچڕنووکیان لە دەموچاو وسینگی خۆیان دەدا، پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- پرسیاری لە جبریل کرد -علیه السلام-: ئەوانە چییان کردووە هەتا بەو شێوەیە سزا بدرێن؟ جبریل -علیه السلام- فەرمووی: ئەوانە غەیبەتی خەڵکی دەکەن، وقسە لەسەر ناوبانگ وکەسایەتیان دەکەن بە ناهەق.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4229

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee